# بەماناكردنی عەشق

# لە..

# تیانوسی پاشای هیچدا

## زاناسامان

(دەنگ هەڵمەبڕن.. ئەها شیعر

دەیەوێت خۆی بڵێتەوە

ئەها ئەم بێدەنگیە.. چەند پڕە لەشیعر

ئەها ئەم كوڕی شیعرە..چیمان پێدەڵێت..؟!)

دیارە پێش هەر شتێك دەمەوێت بڵێم:ئەم وێنە شیعریەی سەرەوە، پێشكەش دەكەم بە(یاسین عومەر).

(تیانوسی پاشای هیچ) كەناميلكە شیعرییەكی(یاسین عومەر)ەو لەسەر ئەركی (یانەی قەڵەم) بەچاپ گەیەنراوەو دەكرێت دەست خۆشی لەو بەڕێزانەش بكەین،

(كەئاوڕیان لەشیعردایەوە..!!).

شیعر هاوزمانی كەسە تەنیاكانی ئەودیوی خۆخواردنەوەیە، پەیڤە شینباوەكانی پشت دیوارە بەسامەكەی واقیعەتەو دەیەوێت پەیامێكمان بۆ بگەیەنێت، هەر لەم روانگەیەوە بەباشی دەزانم، شتێك وورتەوورت لەسەر شیعرو دنیابینیەكەی (یاسین) بكەم‌و هەنگاوێك بڕۆمە نێو ئەوكایە مەعریفیەی كەلە دەقەكانی ئەو كوڕی شیعرەدا خۆی بە بەتانیەكەی دایكیەوە نوساندووەو نایەوێت بەئاشكرا، ئەو نهێنیەی كەهەیەتی بۆمانت ئاشكرا بكات، بەلاَم تاكە شتێك كەدەبێتە مایەی دڵخۆشی، ئەوەیە ئەم دەنگە شیعرییە یەكێكە لەو دەنگە تازانەی كە بە(نەوەی نوێ) ناوزەند دەكرێن‌و دیارە هەمیشە لەلای (نەوەی كۆن)ەوە بەباشی قسەیان لەسەر ناكرێت، بەلاَم پێش ئەوەی بچمە نێو كاری شرۆڤەو خوێندنەوە بۆكردنەوەكەمەوە بەپێویستی دەزانم بەو (نەوەی كۆن)ە بڵێم: بخوێنەوەو لەخۆڕا بەرد مەگرنە ئەو شووشانەی جاری واهەیە بەدەنگی (كوكوختی)ەكیش هاڕەیان دەچێتە ئەوپەڕی فەلەك‌و ووردوخاشبوونێك لە خانەی بێدەنگیەوە ڕەوانەی عەرشی زەمەن دەكەن.

ئیشكردنی شاعیرانەیی یاسین ئالەم نامیلكە شیعریەدا، هەنگاوێكی تەندروستە لەپێناوی عەشقداو سەلماندنی ئەو راستیانەیە كەدەدەیەوێت شتێكمان پێببڵێت نەووتراو بێت، لەبەر ئەوەی هەر بەتەنهاعەشقە كەوادەكات هەمیشە لەیادی شاعیراندا جێگەی خۆی بكاتەوەو دنیایەك بێگەردی بۆ ژیان بەجێبهێڵێت، دیارە پێش هەر بەپرۆسەكردنێك گومانی تێدا نیە كە خوودی ئەو شاعیرە، تەجروبەیەكی واقیعیانەی لەبارەی عەشقەوە نەبووبێت.

وەك چۆن دەڵێت:

(بڕوانە عەشق چۆن سادەمان دەكاتەوە

چۆن وادەكات هەموو ئەدرەسەكان بەیەك ئەدرەس ببینین)

لەقەسیدەی (لەئەدرەسەكەی مەپرسن،خیابانەكەی بەجێهێشت)لاپەڕە19

لێرەدا كەكاتێك بەر ئەو جوملەیە دەكەوین، راستەوخۆش ئاوێتە بەو دنیابینیەی شاعیر دەبین كەچۆن عەشق هەراسانی كرووەو نایەڵێت بۆ چەند ساتێك لەخۆشیدا ئۆقرە بگرێت،

لەرووییەكی تری روانینەوە بۆ بەشرۆڤەكردنی ئەم وێنە شیعریە ئەوەیەكە، حەزی شاعیر بەعەشقەوە وادەكات بەجۆرێكی هێند ناسكانە قسە لەسەر عەشق بكات كە خوودی عەشق لەناوەوەیدا لێی نەڕەنجێ، بەواتای كە عەشق ئەگەر تووشی ناهەمواریشی بكات ئەمی شاعیر هەر لەناخی خۆیدا پاكێتی بەدەر دەخات بۆ ئەوعەشقەی كەهەیەتی‌و ئیمانی پێی هێناوەو بۆی بۆتە سۆفیەك، كەلە خەڵوەتگە شاعیرانەیەكەی خۆیدا بیپەرستێت، بەلاَم دەبێت لەسەر فەزای ئەو وێنە شیعریەش ئەوە لەیاد نەكەین كە (یاسین) بۆئەم وێنە شیعریە سوودی لە(بەختیار عەلی) وەرگرتووە، وەك چۆن بەختیاریش دەڵێت:

(سەیركە عەشق چ شەرێكمان پێدەفرۆشێت).

بەڵام دەبێت ئەوەش بزانێن کە (یاسین عەمەر)یش خاڵینیە لەو دنیابینیەو دەتوانین بڵێین ئەمیش وەکو شاعیرێك درك بەو حاڵتە دەکات کە لەناو خوودی عەشقدا بەدەردەکەوێت، لەروانگەیەکی ترەوە دەتوانین بڵێین، ئەمی شاعیریش لەوانەیە ئەو فکرەو بیرکردنەوەیەی هەیەتی بێگومان لەژێر کاریگەری شاعیرانی پێش خۆیەتیو دەتوانێت وەك ئەدیبێك سوودیان لێوەربگرێت، بەڵام بەقەناعەتی من ئەوەیە کەدەبێت بزانێن بەچ شێوەیەك سوودوەرگرین لەنوسەرانی پێش خۆمان یاخوود لەهەر دەقێکی پێش ئیشەکەی خۆمانو نەیەڵین فەزاو وێنەی شیعریی شاعیرانی تر، راستەوخۆو بەبێ هیچ گۆرانکاریەك ئاوێتەی دەقەکانمان ببن، وەك چۆن یاسین نەیهێشتووە ئەو حاڵتەی کەباسم لێوەکرد رووبەروی ببێتەوە.

(لەبەر ئەوەی عەشق بەسوتەمەنی یادەوەری

کاردەکات،

کەواتە بژی ژیان لەپێناوی سبەینێ)

لە قەسیدەی (بەیانیەکەی ناو باخچە) لاپەڕە23

بۆ شرۆڤەکردنی ئیشکردنەکەمان لەسەر (عەشق) لەم نامیلکەیەداو ئالەم وێنە شیعریەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە دەمانەوێت قسەیەکی لەسەر بکەین، ئەگەر بەجوانی ئەو وێنە شیعریە بخوێینەوە، ئەوکات هەست دەکەین شاعیر هەمیشە بەهیوای بەختەوەریە لەعەشقداو بیری لەلای ئەوەیە کە رۆژێك لەرۆژان ئەو عەشقەی کە هەیبووە ئاوێتە بەرۆحی ببێتەوە، ئەمە لەرانگەیەکەوە، لەروانگەیەکی ترەوە ئەوەیە کەشاعیر راستەوخۆ پێمان دەڵێت: چێژی ژیان بە رابردووی عەشقەوە نەبێت ژیان لەگەمەیەکی مناڵانە زیاتر هیچ بنەمایەکی تری نیە، کەواتە بابژی ژیان.. لەپێناوی عەشقدا.

(ئەو دارەی عیسای گەیاندە مەلەکوتەکانی باڵا

خاچ نەبوو،عەشق بوو، عەشق..)

لە 0قەسیدەی (ع/ە/ش/ق) لاپەڕە 34

ئیشکردنی شاعیر لەسەر عەشق، قەسیدە بە قەسیدەو وێنە بەوێنە، شتێکی تازەی ترمان بۆ ئاشکرادەکاتو هەرجارەو بەجۆرێك لەو جۆرانەی پەیوەستن بە عەشقەکەوە، کەشفکردنێکی شاعیرانەیی تری (یاسین) دەچێتە خانەی تێفکرینەوەوە.

ئەو وێنە شیعریەی کە هێناومەتە نێو کارەکەمەوە بۆ قسە لەسەرکردن، ئەگەرچی حاڵەتی تووڕبوونی شاعیری پێوە دیارەو لەزۆرێك لە شیعری شاعیرانی تریشدا ئەو حاڵەتە بەرچاو دەکەوێت، بەڵام تایبەتمەندیەتی ئەم تووڕەبوونەی (یاسین عومەر) لەم وێنە شیعریەدا دەمانگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە هەرچیەك لەپێناوی عەشقدا بکرێت، هێشتا ناگاتە ئەوەی کە سۆفیانە شتی خۆتی لەبارەوە بڵێیت، چونکە ئەگەر بەو شێوەیەبێت کە شاعیر مەبەستیەتی، خوێندنەوەی عەشق لەناخەوە بەرەو ئەو مەودایانەت دەبات کە بەئاواتی گەیشتنیەوەیت، وەك چۆن شاعیریش لەپێناوی ئەو عەشقەی کە هەیەتی ئەم قەسیدەیەی نوسیوەو عیسا ئاسا ئەوعەشقەیە وایلێکردووە قسە لەسەر عەشق بکات.

(تورەم لەهەموو حیکایەتەکان

تورەشم لەعەشقو لەحیکایەتەکانی

حیکایەتی سپیو حیکایەتی رەش

هەموویان پرپرن لەپووچی)

لە قەسیدەی (تورەترە لەمەرگ، ئەوکاتەی ژیان بەدەممانەوە پێدەکەنێت)لاپەڕە58

خاڵی ئەو ناهەموواریانەی رووبەروی شاعیر دەبێتەوە، وادەکات لەم وێنە شیعریەدا هەست بە نائومێدیەکی لەرادەبەدەر بکاتو ماندێتی ئەو تێفکرینەوانەی لە شاعیردا هەیە، لەم وێنە شیعریەدا وایکردووە کە خوودی شاعیر بەر بێهیوایی بکەوێتو تورەبوونێکی کاتیانە بەشاعیرەوە ببینرێت، چونکە عەشق جاری واهەیە لە بەختەوەریدا دەمانخاتە سەر گازەرەی پیشتو هەندێك جاری دیکەش تووشی ئەو موسیبەتەمان دەکات کە لەم وێنەیەی شاعیردا رەنگی داوەتەوەو وایلێکردووە، بەهیچ شێوەیەك بڕوای بەعەشق نەمێنێو بەحیکایەتێکی پڕو پووچ ناوی بهێنێتو ئیشی لەسەر بکات، بەڵام هایا شاعیر بەتەواوی عەشقی لەبەرچاو دەکەوێت، ئەم پرسیارە بۆ خوێنەران بەجێدەهێڵمو بەو هیوایەی شرۆڤەیەکی یەکانگیری بۆ بکەن کە گونجاوبێت لەگەڵ کارەکەی مندا.